ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان هێرشەکانی کەناراوەکانی سوریای کرد

ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان لەبارەی دۆخی سوریاوە هۆشداریدەدات و سەرکۆنەی رۆداوەکانی کەناراوەکانی ئەو وڵاتەی کرد و داوای لە دەسەڵاتدارانی سوریا کرد، سوریەکان بەبێ گۆدانە نەتەوەیە و ئایینیان بپارێزن.

دیپلۆماتکارانی ئەنجومەنی ئاسایش رایانگەیاند، ئەو راگەیەندراوە کە بە کۆی دەنگ پێککەوتن لەسەر کراوە، ئەمڕۆ هەینی بە فەرمی پەسەند دەکرێت و بڵاودەکرێتەوە.
بەو وتەی دیپلۆماتکاران، راگەیەندراوی سەرکۆنەکردنی تووندوتیژی بەربڵاوی لازقییە و تەرتوسی سوریا لەلایەن ڕوسیا و ئەمریکاوە ئامادەکراوە و جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەسەڵاتی راگوزەری سوریا دەبێت لێپرسینەوە لەگەڵ ئەنجامدەرانی کوشتنی بەکۆمەڵ بکات.
لە راگەیەندراوەکەدا داوا لە هەمو وڵاتان کراوە پارێزگاری لە سەروەری و یەکپارچەیی خاکی سوریا بکەن و خۆیان لە هەر کردەوەیەك بپارێزن کە بتوانێت سەقامگیری بکات.

ڕوانگەی سوری بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕۆژی چوارشەممە ئاشکرای کرد کە لە ئەنجامی ئەو

توندوتیژیانەی لە ناوچەی کەناراوەکانی ڕۆژئاوای سوریا بینراون، هەزار و 383 هاوڵاتی مەدەنی کوژراون.